# ئەم دەستورە، دەستوری بزنسە بەلەشی ژنانەوە!

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

دەستورێك كە بەرێوەیە، دەستورێك كە بڕیار بێت ئیسلامی سیاسی بینوسێت و دایبڕێژێت، یان دەستورێك كە ئیسلامی سیاسی تیایدا لایەنی سەرەكی بێت لە نوسینیدا، هیچ گومانی ناوێت، كە دەستورێكی كۆنەپەرست و دژە ژن دەبێت، دەستوریك دەبێت كە كۆیلەیەتی بۆ ژنان مسۆگەر دەكات و ژنان دەكاتە حەلقەی زیادەی كۆمەڵ و تەنها "یەك ئەركیان" بۆ ڕەوا دەبینێ، ئەویش ئیغتصاب كردنیانە بەشەریعەتی ئیسلام لە ڕێگای بە شودانیان لە تەمەنی 9 ساڵی و هێنانی 4 ژنە و زەواجی سیغە و شیربایی و، یان لەوپەڕی خۆیدا فرۆشتنیان لە ڕێگای مارەیی و موقەدیمە و موئەخەرەوە.... هەموو ئەم عادات و تەقالیدە دواكەوتوو كۆنەپەرستانەش یەك مانا و عەمەلی مەلموسی لێدەبێتەوە ئەویش بەتاڵكردنەوەی هەوەسی جنسی پیاوانە، لەمە زیاتر واتە لە ئیغتصابكردنی ژنان زیاتر هیچ شتێكی تر ناتوانیت دەربكێشی لە ئیسلام و ئیسلامیزم سەبارەت بە ژن و مافەكانی ژنان.

ماددەی دووەمی پێش نوسی دەستور ڕێگا لە هەموو دیاردەو هەلسوكەوت و چالاكییەكی پێشكەوتوو مۆدێرن و شارستانی دەگرێت، لەبەشێكی ماددەكەدا پێمان دەڵێت"... نابیت هیچ یاسایەك دابڕێژریت كە موخالف بێت بە پرینسیب و ئەحكامەكانی ئیسلام، ڕێز لە هەویەی ئیسلام بگرێت بە زۆرینەی شیعەو وە سوننە" ئەمە تەواوی مافەكانی ژنان زندە بەچاڵ دەكات. تەنانەت مەلاو حوجەتوالاكانیش ناتوانن ڕەفزی ئەوەبكەن كە مافەكانی ژنان ناگونجێت لە گەل ئیسلام و شەریعەتەكەیدا، مافەكانی ژنان لە یەكسانی لە بەرانبەر یاسادا، لەمیراتدا، لە ئازادی سەفەرو هەڵگرتنەوەی منداڵدا، لە دادگادا، چ جا بگات ئەوەی كە ژنێك بێتە سەرەك كۆمار یان سەرۆك وەزیران چونكە ناكرێت بەپێی " الرجال قوامون علی النسا" ... ناوەرۆكی ئەم ماددەیە سەبارەت بە مافەكانی ژنان لە ماددەی شەشەم لە بابی ئازادییە گشتیەكاندا بە شێوەیەكی تر پێمان دەڵێت" دەوڵەت مافە سەرەكیەكانی ژنان و یەكسانی لە گەڵ پیاودا لە هەموو مەیدانەكاندا بەپێی شەریعەتی ئیسلام لە ئەستۆ دەگرێت و كۆمەكی دەكات بۆ هاوئاهەنگكردنی ئەركەكانی لە نیوان ئەركی خێزانی و ئەركی لە كۆمەڵدا".

ئەم ماددەیە گاڵتە كردنە بە عەقل و بیرو هۆشی هەموو عێراقیەك، گاڵتە كردنە بە هەموو دیاردەو یاسا و ڕێسایەكی موتمەدن و شارستانی. قەشمەری كردنێكە لەلایەن چەقۆ كیشانی ئیسلامی سیاسی‌یەوە بەتەواوی موقەدەساتی ئازادیخوازان و كۆمەڵگای بەشەری ئەمڕۆ، ئەگەر نا شەریعەتی ئیسلام و یەكسانی ژن و پیاو چۆن و بەپێی كام فۆرمولەی یاسایی دەگونجێت و دەكریت دابڕێژرێت، بەلام ئەمڕۆ لە سایەی ئیحتلال و بەرزبونەوەی كێرڤی هەرچی جروجانەوەری كۆنەپەرست هەیە ، لە عێراقی سیناریۆی ڕەشدا هەموو دیاردەو یاسایەك مومكنە. ئەگەر ئەوە پۆزی ئیسلامی سیاسیە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بەلام بۆ ناسیونالیزمی كورد، كە لەسەر مانشێتی بلاوكراوەو میدیاكانیدا، پروپاگەندەیەكی تر دەكات، چ وەلامیكی هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە؟ چۆن و بەپێی كام ئەحكام جگە لە ئەحكامی شەریعەتی ئیسلام دەكرێت لەم ڕەشنوسەدا بەشداربكات؟ كلۆڵیەكی خەڵكی كوردستان لەوەدایە ناسیونالیستەكەشی، بەهەمان شێوە موتوربەیە بە ئیسلام و ئیسلامیزم بەهەمان شێوەی ناسیونالیزمی عەرەب. سەرنج بدەنە وتارو ڕاگەیاندنەكانی "سەرۆكی هەرێمی كوردستان" سەبارەت بە باندە تیرۆریستیەكەی حاجی شێخ زانا، كافیە بۆ ئەوەی هەر تاكێكی كوردستان بۆی ڕۆشن بێتەوە كە ناسیونالیزمی كورد چۆن لە نێو ئیسلام و ئیسلامیزمدا پەل دەكوتێت و ناتوانێت دەست بەرداری ببێت و پێویستی پێی هەیە بۆ پاراستنی دەسەلاتەكەی. بۆ هەرهێزێكی هاوچەرخ و موتەمەدن و شارستانی و تەنانەت مەدەنی تەنها ئەو بەندە كافی بوو بۆ ئەوەی لە تەواوی پرۆسەی "نوسینی دەستور" بكشێتەوە و ئیفتخارێكی مێژوویی گەورە بۆ خۆی تۆمار بكات لەئاستی عێراق و كوردستان و هەموو دنیاداو سۆزی هەموو ئینسان دۆستان و ئازادیخوازانی جیهانیش بۆ خۆی رابكێشێت. بەلام هەموو ئیستراتیژی و خەمی ئەم ناسیونالیزمە تەنها لە فیدرالیزمی قەومیەكدا كۆبۆتەوە كە هیچ مانایەكی تری نیە جگە لەوەی سەهمی خۆیان زیاد بكەن لە كورسیەكانی دەسەلات و هیچی ترو هیچی‌تر، كە ئەمەشیان بە تەواوی دژ بە خواستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵكی كوردستانە.

بە هەر حال ئەم دەستورە بۆ ژنانی عێراق و كوردستان، دەبێتە ژیانێكی كۆیلەیەتی، دەبێتە سەركوت و بەستنەوەیان بەپێی مەفاهیم و ئەحكامی ئیسلام و شەریعەتەكەی، كە بەپێی دەستور ناكرێت " یاسایەك دابڕێژرێت كە مخالف بیت بە ئەحكامەكانی".

بەلام چەوساندنەوەو كۆیلەتی ژنان و لێسەندنەوەی دەستكەوت و مافەكانیان كە ئێستا بەهرەمەندن لێی، تەنها لایەن و ڕووی كۆنەپەرستانەی ئەم دەستورە نیە، بەلكو سەرە ڕای ئەوە بە ئاشكرا ئیسلامی سیاسی شیعی دەیەوێت كە یاسای باری كەسێتی كە تایبەتە بە ژنان، بكاتە دوو كوتەوە و بەپێی مەزهەبی شیعی و سوننی جیایی بكاتەوە، مێژەر بەسەرەكانی ئیسلامی سیاسی شیعی تەنها بە ئغتصابكردنی ژنان ڕازی نابن و دەیانەوێت بازرگانی بە لەشی ژنانەوە بكەن لە ڕێگای "زەواجی سیغەوە" پارەو پۆلێكی زۆر

قازانج بکەن‌و مەلاکانیش لەبەردەرگا دابنیشن بۆ پارە وەرگرتن هەروەکو ئێستا لە جمهوری ئیسلامی ئێران وەك قانون کاری پیٚدەکرێت. ئەم دەستورە دەستورێکە لە ڕوانگەی ئیسلام‌و شەریعەتەکەوە نوسراوەو بەتەواوی کۆنەپرستانەو دژە ژنەو بۆ سەرکوتی ژنان‌و ئغتصابی ژنان‌و بازرگانیکردن بەلەشی ژنانەوە دارێژراوە.

ئەم ڕەشنوسی دەستورە، وە ئەم پرۆسەی بەرێوەچونی دەستورە، بە تەوای پرۆسەیەکی کۆنەپەرستانەیەو هیچ تروسکایەکی تێدانیە بۆ هیچ ئینسانێکی ئازادیخوازو پێشکەوتوخوازو عەلمانی‌ن بۆ هیچ ژن‌و لاوێك، بۆ هیچ تاکێك لە کۆمەلدا، جگە لەوە نەبێت کە دابەشکردنی سەرەوەت‌و سامانی خەڵکی عێراقە، لە نێوان حزب‌و لایەنە بەشداربوەکانی نوسینی دەستورە بەپیٚی هاوسەنگی هێزی نێوانیان‌و وارەکەشی بۆ ئەمەریکایە. ئەگەر نا لە هەلومەرجی داگیرکاری‌و سەرکوت‌و نەبونی ئازادی‌و جەنگی تیررۆریستەکاندا کەی کاتی نوسینی دەستورە، کارەباو ئاو نیە، باسی نوسینی دەستور دەکەن، پاریزگاری خۆیان پێناکرێت‌و رۆژانە چەندین ئۆتۆمۆبیلی بۆمب ڕێژکراو لە پایتەخت‌و شارەکانی تری عێراقدا دەتەقێتەوە، بەلام ئەمان باسی دەستور دەکەن، لە 41٪ ی مندالانی عێراق لە خویندنی سەرەتایی وازیانهێناوە لەبەر نەبونی‌و بێدرەتانی ئەمان باسی دەستور دەکەن. بەلام ئەم هێزانە لەسەر فقرو رۆژ ڕەشی خەڵك دەژین‌و دەتوانن دەسەلات بگرن ئەگەر نا، دەستور موشکلەی خەڵکی عێراق نیە.

ئەمڕۆ ئەم هێزانە ژنانیان کردۆتە ئەسیری سیاسەتەکانی خۆیان، کردویاننەتە پاشکۆی جێبەجیگردنی فیدرالیەت‌و ماددەی 58و دانانی شەریعەتی‌ئیسلام‌و حوکمی ئیسلام، ئیسلام تاکە سەرچاوەی یاسا بێت... ژنانی کوردستان‌و عێراق پێویستە بە وردی‌و بەهوشیارییەوە سەرنج بدەن‌و لە پێناو هیچ ماف‌و خواستێکی تردا مافەکانی خۆیان لەبیر نەکەن، وە مافەکانی خۆیان نەکەن بە قوربانی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەم هێزانە. "کوردایەتی" و"عروبە" و"ئیسلام‌و ئیسلامیزم" یان " مەزهەبی سوننەو شیعە"و... هیچیان نەك ناتوانن مافەکانی ژنان دەستەبەر بکەن بەڵکو بە شێوەو ڕادەی جیاواز دژ بە تەواوی مافەکانی ژنانە. تەنها ڕیگا تورِ هەڵدانی ئەم دەستورەیە، تەنها ڕیگا لابردنی ئەم دەستەو تاقمەیە کە جورئەتی ئەوە دەکەن لە دنیای هاوچەرخی ئەمڕۆدا دەستوریکی ئاوا بنوسن. بەبڕوای من مەسەلەکە سەرگرتن‌و ڕیکەوتنی نێوان ئەو هێزانە نیە، ئەوە ببێت یان نا، لە ڕۆژ ڕەشی زیاتر هیچی تری لیٚ نابێتەوە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە، کە چۆن دەستورێکی ئاوا نوسراوە، چۆن ئەم دەستورە دەخریتە بەردەم خەڵك؟!. کام شەهامەت‌و جەسارەتە کۆنەپەرستانەیە، کە داوا لە خەڵك دەکات دەنگ بدەن بۆ دەستورێکی ئاوا؟. بۆیە بزوتنەوەی ژنان وە ئەو ڕیکخراوانەی کە واقعەن تێدەکۆشن لەپێناو مافەکانی ژناندا، پێویستە بەدەوری خواست‌و دروشمی جیایی دین لەدەوڵەت‌و خوێندن‌و پەروەردەو هەروەها خواستی یەکسانی نیوان ژن‌و پیاودا خەباتی خۆیان یەکگرتوو هاوئاهەنگ بکەن، لەپێناو تورِهەڵدانی دەستوری کۆیلەتی ژنان‌و کۆنەپەرستی‌و دەستەبەر کردنی ئایندەیەکی گەش بۆ ژیان‌و گوزەرانی ژنان.